کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22:27 2-4-2007

## کاک فەخرەدین تاهیر ناهەقت ناگرین ... ڕەهێل کوێستانی

بەهۆی سەردانێکم بۆ وڵاتی سوید چەند جارێك ناوی کاک فەخرەدین تاهیرم لە هەندێك لە ڕۆژنامەکانی ئەو وڵاتە بەرچاو کەوت، دەتوانم ئەو شاهیدیە بدەم لە هەر کوردێکی ئەو وڵاتەم دەپرسی فەخرەدین تاهیر چۆن ڕۆژنامەنووسێکە، بۆ مێژوو دەڵێم، هەر هەموویان وەڵامەکانیان گەلێك بە ویژدانەوە وەسف و سەنایان دەکرد بە جۆرێك ئەوانەی سەوز باویش بوون (یەکێتی) یش بوون لە زەردەکان باشتر قسەیان لە سەر دەکرد.

بەڕاستی زۆر خۆشە کە هاوری و دۆستێکی ئەم جۆرە ڕۆژنامەنووسانە بیت، دیار بوو خەبەرم زانی کە چەند ساڵێکە بۆ خزمەتکردن گەڕاوەتەوە کوردستان و زۆر هەوڵم دا تاکو بزانم چ جۆرە پلە و پۆستێکیان پێداوە، ئەوە بوو خزمێکیانم دی کە لە سەوز باوەکان بوو بۆی گێڕامەوە کە کراوەتە (خەبیر) لە وەزارەتی بەناو ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان @

قەدەرێك تاسام بڵێن چۆن تاسانێك کە لە تاسەکانی شاری هەولێرو سلێمانی دەچوو کە شۆفێرەکانی ئەو دوو شارە گێل و گێژ بوون تاسە ڕەگڵە حساب بکەن تەنها بۆ ئەوەی خۆیان لەو تاسانە بپارێزن @ بە ڕاستی ووتم ئێستا ئەم مرۆفە ئەکادیمیە کە پڕۆفشنەڵە لە ڕاگەیاندن کراوەتە شتێك لە خوار وەزیرەوە @ خزمەکەی کاکە فەخرەدین گووتی: خەبیرە بە موچە!!!!!!!لەو وەزارەتە یا بەعسیەکان یا ئینتیهازیەکان یا زیرەکی سەوزەکان قسەیان دەخوات ئەوەی دڵسۆز بێت و شارەزابێت وەك فەخرەدین هەر حسابیان بۆ ناکرێت، هەرچی کارو پیشەی کاربەدەستانی ئەم وەزارەتی بەناو ڕۆشبیریە خەریکی پرۆژەی دزی و گەندەڵی پارە خواردن کار گەیشتۆتە ئەوەی باسی دزی و پارە هەڵوشان نەکات جێگای نابێتەوە@ من زانیم ئەم مرۆفە لەگەڵ لەشکرێك بەعسی و دز هەڵناکات و ڕۆژێك دێت وازهێنان پێشکەش دەکات، کە واشی کرد!!!!!!!!!!!!! کاکە فەخرەدین نابێت ئێمەو مانان لە حکومەتی خۆمان ڕەخنە بگرین!!بەڵکو دەبێت بە هەرچوار پەلمان قوڕبگرینەوەو بەڵام ئەم قورشە بەئاو نەگرینەوە بەڵکو بە فرمێسکی دایك و خوشکان و منداڵی شەهیدان تاکو ئەوانیش بەشداربن لە قوڕپێوانەکان@ چونکە ئەوان جارێك قوڕیان بە خوێنی شەهیدەکانیان بە خەستی لە سەریان ناوەو ئەمجارەش بۆ ئەو حکومەتەی کە بەرهەمی خوێنی شەهیدەکانیانەبگرنەوە کە بەعسیەکان و قەڵەم فرۆشەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری کار بۆ لە ناوچون و زیندە بەچاڵکردنی ئەزمونی نەتەوەیەکن کە کوردی خێرنەدیوە!!!!

قەناعەتی زۆرم هەبوو هەرچۆن دکتۆر ئیبراهیمی سوریان دەرکرد ئاوەهاش بەرامبەر بە تۆش دەکەن!!!!

بەڵام تۆ زۆر پیاوانە خۆت وازت هێنا @ کاکە ئەم وڵاتە وڵاتی بەرپرسان و کوتلە و دەستە گیرەکانیانە ئەمانە شەوانە لە ڕێگەی ئالو گۆڕی ژن بازی و ئافرەت بازیەوە گرەو لەسەر چارەنوسی گۆمەڵگایەك دەکەن!!!!! بە مەنتیقی عەقڵ لام وایە یەك ڕۆژ خیانەتت بکردایە ئێستا تۆش بەڕیوەبەر تیفی و ئەندامی مەکتەب و سەرنوسەرو لە هۆڵە درێژەکانی شیراتۆن و چوار چراو هەورامان و سلێمانی پالاس و دوکان بەناوی گەورەکانەوە فتوات دەداو چوار پاسەوانی سەرسوورو کەسك و مۆر بە عەینەکی ڕەش و مۆنیکاوە لە ژووانی تاغوتەکانی سەردەم حەوت حوریان پێدەدایت و سەنتەرێکیشان بۆ کۆبونەوەی عاشقانی کاوبۆیەکان وەك ئیمتیاز بۆ دەکردیتەوە!!لە دوماهیدا هەر تۆ سەربەرزو ئەوانیش سەرشۆری و نەفرەتی گەلیان بۆ دەمێنێتەوە @@@کوردستانی ڕەنگین بۆتە مۆڵگەی دزو جەردەو گەندەڵبازان و فاحیشەکانی ئەم سەدەیە @@جێگای تۆی کوردپەروەر نابێتەوە ناهەقت ناگرین ... ... .

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.